# پێویسته سۆپەر مارکێتی زارا بەتایبەت ئیعتیزار بۆ پێنج هەزار منداڵی هەڵبجە بهێنێتەوە"

ئا:ئاسۆ جەوهەر_بۆچی ئەم چالاکیەی کرد وشێوازی کۆمەك کردنەکەی لەلایەن خەڵکەوە چۆن بوو؟

محەمەد بەکر : چەند ڕۆژێك پێش ئەوەی یادی کارەساتی هەڵەبجە دەست پێبکات ئەندامانی نوسینگەی سلێمانی ناوەندی چاك دانیشتنمان کرد، کەدەرهەق بەو یادە ئێمە دەتوانین چی بکەین ؟ بڕیار ماندا جیاواز لەوەی وەك نوسینگەکە بەیاننامەمان هەبێت کەگوزارشت لەو ڕۆژەو تەعبیر لەداخوازییەکانمان بکەین ،هاوکات بڕیارماندا چالاکییەکی چۆنایەتی لەهەڵەبجەدا ئەنجام بدەین، چونکە بەڕاست قسەکردن لەسەر هەڵەبجە کەمە ،کاتێك یادی هەڵەبجە دێتە ئاراوە ئیتر بۆتە دوکانێك و هەرکەس دەیەوێت لەو دوکانەدا شتێك پەیدا بکا ، قسە زۆر دەوترێت، دروشم زۆرەو زۆر بەرز دەکرێنەوە، بەڵام کاری عەمەلی کردن بۆ هەڵەبجە و کەمکردنەوەی ئەو ئێش و ئازارانە و هاوکاری کردنی خەڵکەکەی ژیان کردنەوە بەبەری خەڵکی هەڵەبجەیا لەڕوی ئاوەدانییەوە ڕەخساندنی دۆخێکی وەها کەئیتر هەڵەبجە بەڕاستی هەست بکا هەڵەبجەیەکی نوێیە هەڵەبجە هەست بکات مۆرکێکی مێژووی پێوەیە، هەڵەبجە هەست بکا کەئیتر لای لێدەکرێتەوە لەئێش و زامەکانی کەم دەکرێتەوە، بێگومان هەڵوێستێکی وەها لەلایەن سیستەمی دەسەڵاتەوە نیشان نەدراوە هێندەی ئەوەی دروشم و بانگەشەیە، هێندەی ئەوەی کۆمەڵێك بەرنامەی پێك نەهاتووە، بەرنامەی لەقسەدا ماون شتێکی تر نییە، ئەو دیاریانە لەلایەن خەڵکانی خێرخواز ، کاسب کاران ، خاوەنی پێشەنگاکان ، سۆپەرمارکێتەکان کەسەردانمان کردوون هەریەکەو بەپێی ئیمکانەتی خۆی دیاری بۆ منداڵان دابینکردووە کەبریتین جل و بەرگی منداڵن ، یاری منداڵن و بوکەڵە ، لەگەڵ کۆمیتەی هەڵەبجەی‌ناوەندی چاکدا کۆبونەوەمانکرد لەسەر چۆنێتی دابەشکردنی ئەودیاریانە لەکاتژمێر دوازدەو نیو دەستمان بەهەڵمەتەکەکرد لەسێ شوێنەوە بەسێ تیم دەستمانپێکرد: یەکەم لەبەردەمماڵی شەهید عومەری خاوەرەوە دووەم لەبەردەم ماڵی مامۆستا کامیل عبدولقادرەوە کە یەکێکە لە بەر کەوتوانی چەکی کیمیایی و کەتائێستا گیرۆ دەی دەستی ئەو کارە ساتەیە! تیمی سێیەمیش لە گەرەکی مەزاری شەهیدانەوە .

بۆچی وتەتان لە ڤیستیڤاڵەکەدا نەبوو ؟

محەمەد بەکر:ئەوڤیستیڤاڵە شارەوانی و قایمقامی هەڵەبجە بەو ڤیستیڤاڵە هەڵسابوون ،ئێمە داوامان لێکردبوون و پێشتریش بەئیمەیل ئاگادارمان کربونەوە، بەر پرسی کۆمیتەی هەڵەبجەی چاکیش قایمقامی ئەوێی ئاگاداری کربووە، کە وەك ناوەندی چاك حەزەکەین خاوەنی وتەیەك بین، چونکە بەراستی مافی ناوەندی چاك بوو،کەئەوەندە بەدۆزی هەڵەبجەو ئەنفالە وە ماندووە ئیشی کردووە ئیشەکانی بەرجەستەن ئیشێکە کەلە بەر چاوانە قورساییەکی خۆی دروست کردووە لەنێو کۆمەڵگەی کوردیا هەتا لەنێو رای گشتی کوردستان ونێو دەوڵەتیشدا ، پێویستبوو ڕێگە یان پێبدایانایە، کەئێمەش وتەیەکمان هەبووایە، چونکە ئێمە خاوەنی پەیامی خۆمان بووین خاوەن پرۆژەی خۆمان بووین ،خاونی کۆمەڵێك خاڵو بەندبووین، کەهەرهەموویان داخوازی رەوان، ئەوەبوو بە بەهانەی ناماقوڵ رێگەیان پێنەداین خاوەن وتەی خۆمان بین .

شێوازی دابەشکردنەکە چۆن بوو ؟

محەمەد بەکر :دیاریەکان گەیشتن بەمندا ڵانی هەڵەبجە ، ئەوەبوو بەر کەوتوانی چەکی کیمیای لە خورماڵیش هەبوون و سەدو پەنجا تا دووسەد دیاریەکمان تەرخان کرد دامانە دەست چەن کەسایتی یە کی خەڵکی خورماڵ کە ئەوان خۆیان بتوانن لەرێگەی خۆیانەوەو دوو ئەندامی ناوەندی چاکیشیان لەگەڵدابێت تائەو دیاریانە لەخورماڵ دابەش بکرێت .

لەرێگەی ئەم دیاریانەوە ویستان چی بەمنداڵانی هەڵەبجە بڵێن ؟

محەمەد بەکر:پێش هەموشتێك ویستمان بە دەسەڵات بڵێین ، بەهەمووئەوانەی کە بانگەشەو درشمی هەڵەبجەبەرزدەکەنەوە ،کەئەوانیش ئیمکانی زۆر زیاتریان لەبەر دەستایە ئەتوانن بەشێوەیەکە تر لا لەهەڵەبجەبکەنەوە پرۆژەکانیان پێش بخەن وخزمەت بەمنداڵان و خەڵکی هەڵەبجەو چین و توێژەکانی هەڵەبجەبکەن ،مەسیجەکەمان ئەتوانین بڵێین سەرەتا بۆ ئەوانە ، بۆ دەسەڵاتە بۆ حکومەتە بۆبەر پرسانە بۆکاربەدەستانە بۆهەموویانە.

واتە ئێوە لەغیابی ئەوانا ئەمە تان کرد؟

محەمەد بەکر:مسۆگەر ئەگەر غیابێکی بەو ڕەنگەنەبێت ئەگەرئەمرۆ لالێکرابێتەوە لەمندالآنی هەڵەبجە لەچین وتوێژەکانی هەڵەبجە ، ئێمە لەوانەیە ئەو وەختە ئەوچالاکیەی ئەنجاممماندا لەوانەیە شتێکی زۆر بێمانابێت بێ نرخ بێت کەسیش بەپێی چالاکیەکەشمانەوە نەچێت،بەڵام ئەمرۆ بینیمان بەراستی خەڵك زۆر دەست خۆشیان لێکردین خەڵك زۆرمەمنوون بوون .

بۆچی ڕاگەیاندنەکان بەدەم ئەو هەڵمەتەی ئێوەوە نەهاتن ؟

محەمەد بەکر : ئێمە زۆر بەی زۆری دام و دەزگای ڕاگەیاندنەکانمان ئاگادار کردبووەوە ، ئیعلام ئەوەندەی بەو بەرپرسانەوە خەریك بوو نەهاتن لایەك لەچالاکییە کەی ئێمە بکاتەوە ،تەختییەی چالاکییەی ئێمە بکات و ئەوە بوو تەلەفیزیۆنی بزوتنەوە و کوردسات هاتن بەلآم بەشی نەکرد ، هاوکات لەڕێگەی ڕادیۆوە ڕادیۆی جەماوەر و ئازادی وسەوتل عێراق و چەند ڕادیۆیەکی تر کەئەبوایە لەکاتی دابەشکردنی دیارییەکاندا تەختییەی ئەو چالاکییەیان بکردایە .

پێت وایە ئەمە پلانێکی دەسەڵاتە بۆوەی ئێوە بەرکەنار بکرێن ڕووی چالاکییەکەتان دەرنەکەوێ ؟

محەمەد بەکر : وەڵاهی مرۆۋ ناتوانێ بڵێ بەپلان بوونئەم شتانە، بەڵام ئەمە کەم تەرخەمییە چەمکێکی باڵادەستی زاڵی نێوئیعلامی ئێمەیە ، ئیعلامی ئێمە هێندەی ئەیەوێ لەشتی ڕۆتینات و موجامەلە و لەشکڵ ئەگەڕێ گرنگی نادات بەئەو شتانە، من بێگومانم کە ئیعلام نایەوێت بەتایبەتی ئیعلامی دەسەلات ئەگەر بێت ئەوا دەبێت ڕەخنە لەخۆی بگرێت ،یەعنی تەختییە کردنی ئەو چالاکییەی ئێمە گەورەترین ڕەخنەیە بۆ خۆیان، بێگومان ئەوان ئامادە نین ڕەخنەی خۆیان بکەن !چونکە ئێمە ناوەندێکی فەقیرین، تەبعەن لەڕووی مادییەوە ئەڵێم ، لەهەموو شتێکا دەوڵەمەندین لەعەقڵا لە ڕووی ویژدان ولەڕوی ئەخلاق و لەڕووی هەموو شتێکا دەوڵەمەندین ،بەڵام لەڕووی مادیییەوە لەوانەیە فەقیر بین بەڵام ناوەندێکی بەو ڕەنگە ئەگەر هەستێ بەو کارە کارێکی بەو شێوەیە پێنج هەزار دیاری بۆمندالآن تەرخان بکات، بێگومان ئەمە ئەرکێکی شەرەف مەندانەیە، ئەو ئەرکە شەرەف مەندانەیە ئێمە پێی هەستاین ،کەسی تر پێی هەڵنەستاوە، ئێ ئەو وەختەئەوان بێن تەختییەی ئێمە بکەن ئەو کاتە خەڵك ئەڵێن ئەی باشە ناوەندێکی بەو ڕەنگەی فەقیر بەمشێوەیە ئەکا ئەی باشە حیزب ، حکومەت ، دەسەلآت ، بەرپرس ، کاربەدەست ، نازانم کێ ؟ خاوەن نازانم چیەکان ؟ لەکوێن ؟ هەربۆیە بێگومان ئەوان تەختییەی خۆیان ناکەن .

ئەو شوێنانەی کەهاوکارییان کردن شێوازی بەدەنگەوە هاتنەکەیان چۆن بوو؟

محەمەد بەکر : بەگشتی ئەتوانم بڵێم هەرکەس و شوێنەی بەپێی توانا هاوکارییان کردین ،بەڵام ئەوەی جێگای ئاماژە پێ کردنە سوپەر مارکێتی زارا و سوپەرمارکێتی میهراکۆ و کۆمپانیای میران ئەم سێ شوێنە بەڕاستی هەڵوێستێکی زۆر نا بەرپرسیارانە و نامەعقولیان پیشاندا !کە بەتاکە دیارییەك نەیانتوانی بەشداری ئەو چالاکییەی ئێمە بکەن ،ئێمە لێرەوە ڕەخنەو گلەیی و گازندەی خۆمانیان لێدەکەین ، ئێمە وەك وەفدێك چوینە سەردانمان کردوون و بەشێوازێکی ڕەسمی داوامان لێکردوون پێمان وتوون بەدوادا چوون بۆ ئەم چالاکییەی ئێمەبکەن، ئێمە لەسایتەکانا ئیعلانی دەکەین ناوی ئەو کەس ولایەن و پێشانگەیانەی کەبەشداری دەکەن هاوکاریمان دەکەن ئێمەناویان بلاو دەکەینەوە ،بەڵام هەڵوێستیان ،هەڵوێستێکی نابەرپرسیارانە بوو ، سوپەر مارکێتی زارا هەڵوێستێکی زۆر نامەنتقی هەبوو پێی وتین ئێوە پێویست بوو دوو مانگ پێش ئێستا ئاگادارمانتان بکردایەتەوە با بەفڕۆکە لە چینەوە شتمان بۆ بهاتایە، ئەمە شتێکە بەس ئێمە قەناعەتی پێناکەین، بەس مندالآنی هەڵەبجە قەناعەتی پێناکەن! گەر خۆیان قەناعەت بەو شتە ئەکەن ئەوە پیرۆزی خۆیان بێ ،ئینسان لەماوەی دوو مانگدا دەتوانێ سەردانی سەد سەرۆکی دەوڵەت بکات، بەڵام بۆ هەندێ دیاری سادە و ساکار دوو مانگ پێش ئەو وادەیەسەردانیان بکەین ، قاوشیان هەیە بایی ملیار شتی مندالآنی تیادایە ئەیانتوانی بەهەندێ شتی سادەو ساکار هاوکاریمان بکەن، ئێمە نەچوو بووین سوپەر مارکێتەکەیان لێ داوا بکەین ،بەڵام بەو شێوەیە ئیعتیزاری ئەوان قبولێ نییە پێویستە سوپەر مارکێتی زارا بەتایبەت ئیعتیزار بۆ پێنج هەزار مندالی هەڵەبجە بهێنێتەوە! پێویستە ئیعتیزاری ئەوان بۆ خەڵکی هەڵەبجە بێ نەك بۆ ئێمە ، سوپەر مارکێتێکی بەو ڕەنگە ئامادە نییە تاکە دیارییەك پێشکەش بەمندالآنی هەڵەبجە بکات ، داواش لەخەڵك و لەجەماوەری سلێمانی دەکەین پرۆتیستۆی سوپەرمارکێتی زارا و میهراکۆش بکەن و شتیان لێ نەکڕن ، ئێمە داوامان لێکردن بۆ مندالآن کەبەبەردبلێ دێتە دەنگ !خەڵك کاسب کارهەبووە

**بەعارەبانەیەکەوە دوو کیس نایلۆن دیاری پێشکەش بەمندالآنی هەڵەبجە کردووە، سۆپەرمارکێتی زارا تۆ بەهانەی چیم بۆ دێنیتەوە؟ لەچینەوە چیم بۆ دێنیت بە فڕۆکە ؟**